# وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی

# لە

# سەرۆکی پەیمانگەی دەولی بۆ پشتگیری کردن لەسەروەری یاسادا کرد




لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/٣٠ بەرێز **د . شوان مەحەمەد عەزیز** لە دیوانی وەزارەت بەرێزی پێشوازی لە سەرۆکی پەیمانگەی دەولی بۆ پشتگیری کردن لەسەروەری یاسادا کرد کەرێکخراوێکە لەسەر ئاستی دونیادا کاردەکات بۆ خستنەڕووی کاری پاراستنی سەروەری یاساو پێکهاتنەوەی نیشتمانی لەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ بەتێروتەسەلی باسی رەوشی مافی مرۆڤی لەکوردستان کرد و ئاماژەی بەوەدا کەلە (٦) مانگی رابردوودا گۆڕانکاری لەرەوشەکەدا بووەو لێبوردنی گشتی دەرچووە و زیندانی (ئاکرێ) دادەخرێ و باری ئەو زیندانیانە چاکدەکرێ کە حوکمدراون لەبەندیخانەکاندا ئەویش بەدروستکردنی بەندیخانەی مۆدێرن و ستاندار.

لەتەوەرێکی دیکەدا باسی لەو فیلمە کرد کەئەم پەیمانگایە بەرهەمی هێناوە و بەدەستپێشخەرییەکی پڕ لەبایەخی وەسفکرد لەئاشتکردنەوەی گەلان دوای حوکمڕانی دیکتاتۆریەت بۆ سەردەمی دیموکراسیەت.

هەرلەم کۆبوونەوەیەش بڕیاردرا ئەم فیلمە لەناو تویژەکانی کۆمەڵ لێبدرێ و گفتوگۆی لەسەربکرێ و تاقیکردنەوەی گەلان بەراوود لەگەڵ کوردستان لەم بوارەدا بەراوردبکرێ شایانی باسە ئەم فیلمە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بڕیاریشە لەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بلاّوبکرێتەوە.